پێشێلكاریەكان لەكوردستان!

# تاكەی چارەنوسی قوربانیەكانی شەڕی ناوخۆ نادیار بێت!

نوری بەشیر
n.bashir3@ukonline.co.uk

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ناوەرۆكی ئەحزابی ناسیونالیستی كورد زیاتر و زیاتر بۆ خەڵكی كوردستان ئاشكرا دەبێت، پانزە ساڵی رابردوی دەسەلاتداریتی سەركوتگەرانە، راونان، گرتن، تەقەكردن لەخۆپیشاندەران، زیندانیكردن، ئینسان رفاندن، كوشتن و بێحورمەتی بە ژنان، سەرتاپا گەندەڵی دامودەزگاكان و ڕۆژ لەدوا ڕۆژ ئاشكرابونی فایلداری زیاتری ریزەكانی هەردوو حیزبی دەسەلاتدار بۆ رژێمی بەعس... سەرتاپای داگیركردون.

هەموو ئەوانە هێشتا تەواوی ماهیەتی راستەقینەی ئەو حیزبانەی بزوتنەوەی كوردایەتی نین و بەردەوام كاری پێشێلكاری و فەزاحەتی زیاتری سیاسیان بۆ خەڵكی ئاشكرا دەبێت، یەكێكی تر لەو هێرش و پێشێلكاریو بێحورمەتی كردنانە بەخەڵكی كوردستان قوربانیەكانی شەری ناوخۆیە، ئەم چەمكە لە سەركوتی خەڵكی كوردستان چەند لایەنی هەیە، لایەنێكی ئەو كەس و خیزانانەی كە لایەنگری ئەم دوو حیزبانە بوون و بەهۆی شەری ناوخۆوە لە شوێن و جێگای خۆیان ئاوارەبوون، واتە لایەنگرانی یەكێتی ناوچەكانی پارتیان بەجێهیشتووە و لایەنگرانی پارتیش ناوچەكانی یەكێتیان بەجێهێشتوە و پاش زیاتر لە یەك دەیە لەژێر سایەی حیزبەكانیاندا ناخۆشترین هەلومەرجیان بەسەر بردوە، تەنها كەسانێك نەبێت كە لیپرسراوییێتیان هەبوبێت لە حیزبەكاندا یان لەمسئولینەوە نزیك بووبن، زۆربەیان لەبەربێكاری و نەبونی سەرپەنایەكی حەوانەوە بۆ خۆیان و منداڵ و هاوسەریان لە پیسترین هەلومەرجی ژیان و نەخۆشی نەفسی و نیگەرانیدا ژیاون، كە بەردەوام هەلومەرجی ژیانی ئەمانە كەم تا زۆر لەمیدیاوە عەكس دەبۆوە بەرەنجامی سەختی باری ژیانیان و نارەزایەتیەك كەهەیانبووە، بەلام ئەوەی جیگای باسە لێرەدا لایەنی دوەمی قوربانیەكانی شەری ناوخۆیە...!



وێنەی بەشێك لەبێسەرو شوێنكراوەكانی شەڕی ناوخۆ

قوربانیەكانی شەری ناوخۆ ئەو كەسانەن لەئەندامان و لایەنگرانی ئەم حیزبانە، یان لایەنگران و سەر بەحیزبی كەی مخالفینی ئەم حیزبانە، بۆ چەندین ساڵە بێسەرو شوێنن، دەستگیركراون و تا ئیستا كەسوكاریان هیچ چارەنوسێكیان بە مان و نەمان نازانن، ئەم قوربانیانە جیا لەو هەزاران كەسەی كە سەر بەم حیزبانە بوون و لەكاتی شەری ئەم دوو حیزبانەدا بونە قوربانی و كوژران و لاشەكانیان دەست

کەسوکاریان کەوتونەتەوە،  بەهەر کۆست کەوتن و دڵ سوتاوییەك کەس و کاریان یەك لابونەتەوە و دڵنیا بوون لەوەی کە رۆڵەکانیان نەماون و ئیتر هیچ چاوەروانیەکیان نیە.

بەلام ژمارەیەکی تری ئەو قوربانیانەی شەری ناوخۆ کەتا ئێستا بێسەرو شوێنن و هیچ هەواڵێك نازانرێ لەسەریان کەئایا حیزبە دەسەلاتدارەکانیان کوشتویانن یان ماون!؟ کەس و کاریان چەندین ساڵە ژیانی چاوەراوانی بەسەر دەبەن،  هەموو ئەو کەسانەی ئەندام و لایەنگری ئەو دوو حیزبەن، یان سەر بەحیزبی ترن و کەمخالفینی ئەم دوو حیزبەن، زۆربەیان لەماڵەکانی خۆیاندا و بەئاشکرا و بەبەرچاوی کەس و کارو خەڵکەوە رفێنراون، وونکراون و کەس و کاریان شەو و رۆژ چاوەروانی بەسەر دەبەن، هەندێکیان هاوسەرەکانیان تا ئیستا ژیانی چاوەروانی بەسەر دەبەن و ئەوانەی مناڵەکانیان یەك ساڵە و شیرەخۆرە بووە، ئێستا لاون و ئەگەر باوکیشیان مابێت نە دەیناسنەوەو نە ئیحساساتێکی منالانەیان بۆ باوکیان لەزەت لێبردوە و دەیبەن!...

هەموو ئەم کەسانەی کەوەکو هەزرانی تری سەر بەم حیزبانە قوربانی سیاسەتی چەواشەکارانەو فریودەرانەی ئەم حیزبانەی کوردایەتی بوون و تیا چوون، بەهیچ شێوەیەك ناویان نابرێت و حسابێکیان بۆ ناکرێت تا ئەوەی لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا کەپەنجەمۆری خەڵکیان پێویستە، یان دەکەونە بەرهێرشی نارەزایەتی خەڵکەوە، قوربانیە بێسەروشوین کراوەکانی ئێستا، نە قوربانیە بارزانیەکانن، نە ئەنفالکراوو بێسەروشوێن کراوەکانن بەدەستی رژیمی بەعس، بەڵکو هەموو ئەم کەسانە قوربانی دەستی ئەحزابی بۆرژوا ناسیونالیستی خۆماڵی کوردین، کەبەناوی کوردو کوردستانەوە، خەڵك سەرنگون و بێسەروشوێن دەکەن، ئەگەرچی ئەم کردەوانی حیزبە کوردیەکان، بۆخەڵکی کوردستان تازە نیە، چی لەماوەی دەسەلاتداریێتی شاریان، وە چ کاتێك کەلەشاخ بوون، خاوەنی خەرمانێکی گەورە لەم کارانەن.

لیستێك لەو قوربانیانەی کە تائیستا دەست میدیاکان کەوتوەو هەتا بەشێوەیەك لیژنەی مافی مرۆڤ لەکوردستان ئیشارەتی بەکەسانێك کردوە کەبێسەرو شوێنکراوان لەلایەن یەکیتی و پارتیەوە، بەلام رونی نەکردۆتەوە کە ئەوانە کێن ئایا هەمان ئەم کەسانەن یان لەپشتی ئەمانەوە بەدەیانی کە بێسەروشوێن کراو هەن.

ئەوەی لێرەدا ناوو بەشێك لەوێنەکانیان هاتوە، لەرۆژنامەی شەقام ی ژمارە 83ی ئۆکتۆبەری 2006دا بلاوکراوەتەوەو هەروەها لە رادیۆی هاوپشتی رۆژی 2006/11/4 دا کە لەگەڵ ( کاروان عەلی، جەلیل نادر، خۆزگە تاهر، بەکر عومەرو فەرهادی مەلا حەسەن ) کە برای قوربانیەکانن و تیایاندا هەیە کە دوو برای لەو قوربانیانەدایە، کەبەتەفسیل لەسەر گرتن و بێسەرو شوێن کردنی براکانیان قسە دەکەن، لەم ئەدرەسانەدا هاتوەو دەتوانرێ رۆژنامەی شەقام بەم ئەدرەسە **www.shaqam.net** ببینن و رادیۆی هاوپشتی لەسایتی بۆپێشەوە **www.bopeshawa.com**  گوێ بیستی بن.

ئەم قوربانیانە هەموویان خەڵکی کوردستانن و هیچیان لەسەر فایلەکانیان کەئاشکرا بوبێت بۆ رژێمی بەعس بێسەرو شوێن نەکراون، ئەمانە تەنها سەر بەحیزبی تەرەفی مخالیفن و تەنها تاوانیان لەسەر

مخالیف بونە بەتەرەفەکانی ئەم حیزبە دەسەلاتدارنە. ئەمە هەموو کارنامەی ئەم حیزبانە نیە لەماوەی دەسەلاتیاندا، کەخاوەنی فایلی تری لەم جۆرە هەن، جەماعەتی محەمەد حەلاقیش هەر لەسەر مخالەفەت تیرۆرکران، هێرشی جۆراوجۆر بۆ سەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقیش هەر لەسەر دیدگای جیاوازی ئەم حیزبە بوو بەئەحزابی کوردی دەسەلاتدار، وە تیرۆری 5 لەئەندامانی ئەم ئەم حیزبەو تا ئێستاش رێگەگرتن لەهەڵسوران و راونان و گرتنی ئەندامەکانی لەسەر چالاکی، بۆ خەڵکی کوردستان شاراوە نیە!...

کارنامەی رەشی شەرو کوشتارو سەرکوت و راونان و بێسەروشوێنکردنی خەڵکی کوردستان و ئەکەر هەر لایەنێك کە مخالیف بێت بەم حیزبانەو ماستاویان بۆ نەکات، چ لەشاخ و چ حاکمیەتی نزیکی دوو دەیەیان واقعێکەو خەڵکی کوردستان بە خوێن و گۆشتی خۆی تەجروبەیان کردوە،.. بۆ رێگەگرتن لەو جۆرە کردەوانەی حیزبە بۆرژوا عەشایەرانەی کەحاکمیەتی کوردستان دەکەن، لەئینسان رفراندن و بێسەروشوینکردن و لێدانی هەموو شێوەیەکی مخالیفینی خۆیان، دەبێ خەڵکی بێتە دەنگ و چیتر ئەمە قبوڵ نەکەن و فشاریان بۆ بهێنن، کە دەبێت بەزوترین کات چارەنوسی ئەو بێسەرو شوێنکراوانە رونبکرێتەوەو چیتر کەس و کاریان لە چاوەروانیدا نەبن.

ئەمەی خوارەوە لیستی ئەو قوربانیانەی شەری ناوخۆیە کە تاکو ئێستا بێسەرو شوێنن و کەس و کاریان بە مردوێتی یان زیندوێتی دەیانەوێ هەواڵیان بزانن.

سوارە محەمەد ئەمین سوارە - یەحیا مەحموود حەمەئەمین - تاریق نوری محەمەد - هاشم عومەر عوسمان - خورشید ئیبراهیم قادر - ساڵح حەسەن شەریف - غازی ئیسماعیل خورشید - سوارە میرزا رەسووڵ - عەلی عەزیز حسێن - ئەبوبەکر مەمەند پیرۆت - بژار سەعید گورون - خەلیل نادر حەمەد - سەعید ئەسعەد شینە - عەبدوڵلا حەمەئەمین - غازی حەبیب ئاغا - یوسف محەمەد مستەفا - حسێن مەجید وەلی - سوارو شۆرۆ خدر - تاهیر سەدیق حەمەد - تەها قادر عەزیز - عەبدولکەریم عوسمان مستەفا - فاروق سەلیم وەسمان - فەرهاد غەفوور کاکۆل - فەرهەنگ محەمەد مستۆ - فوئاد محەمەد تۆفیق - فەیسەڵ حاجی رەزا - کامەران ئەحمەد حەسەن - لوقمان حاجر عەبدولڕەحمان - کامەران مەولوود عەبدولڕەحمان - محەمەد ئەحمەد حەسەن - محەمەد ئەحمەد حسێن - نەریمان محەمەد داوود - نەوزاد فەتاح قاسم - ئەحمەد فایەق رەشید - جەعفەر سمۆ محەمەد - رابەر عەبدوڵلا رەسووڵ - فەیسەڵ عەلی رەسووڵ - ئەنوەر عومەر عەبدول - جەواد رەشید قادر - محەمەد خورشید شەریف - ئاشوور عەبدوڵلا جومعە - عەبدولڕەحمان سەعید گورون - عومەر حسێن مەجید وەلی- محەمەد عەلی سەعید - ئازاد خدر ئەحمەد - خلیل میران قادر - رەفیق ئەحمەد خورشید - رۆستەم سەلیم قادر - سامان عەلی ئەحمەد - شاهین رەزا بەهرام - عیسی مەجید قادر - فەتاح عیسی حاجی - باوەدین ئیبراهیم نادر - جەودەت ئەنوەر عەبد - خاتەم ئیسماعیل مەولوود - سەردار عومەر حەهەنگیر - شاهین سابیر حەمەد - عومەر حسێن ئەحمەد - مەجید عەوڵا مەجید - مرشید سەدیق مەلاووسو - بەختیار سەدیق رۆستەم - بورهان مامە بەکر - تەحسین حسێن

حەسەن - دڵدار تۆفیق مستەفا - رەحمان عەلی حسێن - رێبوار حەسەن ئیبراهیم - زوبێر ئەحمەد تۆفیق - عوبێد میرزا ئیبراهیم - عومەر حسێن حەمەد - محەمەد عەلی ساڵح - ئەمین عەلی (باجە) - عوسمان سەلیم - محەمەد عەلی محەمەد - قاسم محەمەد عەلی - لوقمان حەمەساڵح حەمە سەلیم - فەرمان محەمەد شێخ الله - نەریمان حەمەدەمین عەبدوڵڵا - عومەر ساڵح سلێمان - محەمەد حەسەن کەریم - جەوهەر شەفیق - حاتەم عەبدوڵڵا عەزیز - عەبدوڵڵا خدر میرۆ - جەزا محەمەد ساڵح - حەیدەر قادر یاسین - سەیفەددین ئەحمەد حسێن - عوسمان محەمەد رەسووڵ - ئەحمەد حسێن - غازی ئاغا محەمەد خالد - بەختیار سوار محەمەد ئەمین - فەتاح مەمەند شێروان - محەمەد ئەحمەد ساڵح فەقێ - سەباح سەعدۆ هێرۆ - سلێمان ریمان - شیمال سابیر تەها - عەبدولجەبار نادر حەمەد - عەزیز تاهیر حەسەن - عەلی حسێن کەریم - فەتاح حسێن حەسەن - قادر مەغدید مستەفا - کاوێس بەکر شوکور - لوقمان عەلی حسێن - ئیبراهیم بەهرام عوسمان - ئازاد فازیل محەمەد - ئاکۆ محەمەد ساڵح - بەختیار عەلی فەتحوڵڵا - بەرقی محەمەد سەعید - حسێن ئەحمەد محەمەد - حسێن خدر محەمەد - خدر یاسین خەتاب - رێباز جەوهەر شەفیق - سالم جەوهەر مەجید - ستار ئەحمەد عەزیز - سەلام قادر ئەحمەد - شێرزاد رەحمان عەولاً - تاریق محەمەد مەجید - عوسمان رەسووڵ ئەبابەکر - عەلی ئەبابەکر - جاسم عیسی عەلی - میرزا شەمۆ - خالد سوارە محەمەد ئەمین - مەمەند سوارە محەمەد ئەمین - رائد ئیسماعیل نسوور ئالکەیی - غانم تاهیر وەلی - فاخر ئەحمەد محەمەد - خالد نەجیب ئیسماعیل - تاهیر مستەفا رەسووڵ - عەبدولجەبار قادر حەسەن - شێرکۆ جاسم عەلی - تاریق نوری حەمەد.